## تێبینی لەسەر ناوی بۆکان

ئەم زنجیرە وتارە درێژەی هەیە و دەمەوێ هەموو ئەو بابەتانەی وا لەسەر بۆکان و ناوچەکە یا خود لە پێوەندی ئەواندا نووسراون بگرێتەبەر . بەم بۆنەیەوە موشکلەیەک نابێت ئەگەر باس لە وتارێکی خۆیشم لەسەر ناوی بۆکان، و وشەی بۆکان بکەم .
ئەم وتارە بەناوی "چەند تێبینیەک لەسەر ناوی بۆکان" سەرەتا لە ژومارەی ١٥ی گۆڤاری مامۆستای کورد چاپی سوید لە پاییزی ١٩٩٢ دا بڵاوبوەوە، ئینجا کاک برایمی فەرشی چەند نوسخەی وەک ناملیکەیەکی سەربەخۆ لێ بڵاو کردەوە و پاشانیش لە سایتی بۆکان – ڕۆژهەڵات واتە هەر ئەم سایتە ( www.bokan.de) دا بڵاو بوەوە .
وتارەکە دژایەتی ئەو بۆچوونە باوە دەکات کە گوایە بۆکان لە بنەڕەتدا بووکان بووبێت و بە ناوی بووک(وەوی) یەوە ناسرابێت . لەبەرانبەردا، بۆکان بە کۆی "بەک" دەزانێت . بەک یا بەغ خوای ئەو گەلانە بوە کە پێش هاتنی زەردەشت لە ڕۆژئاوای ئێران ژیاون و زۆرێک لەو شارانەی وا رووگە و پەرستنگەی خوای "بەغ" یان لێ بووە پێشگر یا پاشگری بەک یا بەغ یان بەسەرەوەیە :
باکۆ . بەغدا، ...
قەڵای ناوەراستی شاری بۆکانیش بۆئەوە دەبێت شوێنی رووگەیەکی کۆن بووبێت. وتارەکە تاوتوێی گەلێک کتێب و سەرچاوەی لەم پەیوەندییەدا کردوە.

ئەنوەر سوڵتانی، چەند تێبینیەک لەسەر ناوی بۆکان، مامۆستای کورد، ژمارە ١٥، پاییزی ١٩٩٢، هەروەها سایتی بۆکان-ڕۆژهەڵات.




---

## چەند تێبینییەك لە سەر ناوی شاری بۆکان

**پێداچونەوەی زمانەوانی: ساڵی ٢٠٠٢                ئەنوەر سوڵتانی بەهاری ١٩٩٢**

ناوی شاری بۆکانیش وەك مێژوی شارەکە،تائیستا نەکەوتوتە بەر توێژینەوەی ڕاستەقینە. ئە وشتانەش والێرەولەوێ لەمەڕ باسەکە نووسراون لەدۆخی بیروبۆچوونی خەڵکی ئاسایی نە چوونەتەدەرێ و هیچ ڕووناکییەکیان نەخستۆتە سەر مێژووی پڕ تەم و مژی ئەم شارە.

خەڵکی ناوچەکە لایان وایە کە ناوی بۆکان لەبنەڕەتدا بووکان بوە و ئەمەش بەهۆی نەریتێکەوە ، کە گوایە لە ڕابردووی کۆندا، کاتێ بووك هاتوە، پێش چۆنەماڵی زاوا، بردوویانەتە سەر حەوزەگەورەی ناوەراستی شار و ئەمجا لەویۆە بەرەماڵی زاوا بوونەتەوە!

نووسەر و قەڵەم بەدەستی شار و ناوچەکەش نەك هەر ئەو چەوتییەیان ڕاست نەکردۆتەوە، بە ڵکە بۆیان لە مل داون و بە شیعریان نووسین، بەڵگەیان بۆ ئەم بۆچوونە هەڵەیە پێکهیناوە.

ئەم وتارە بەنیازی دامەزراندنی سەرەتای باسێکی زانستییانە لە مەر بنەچەکی ناوی بۆکان نووسراوە.

کلیلی کردنەوەی گرێ پووچکەی ئەم باسە، وشەی بەگە یان بەغە یە. بەگە یان بهەگە خودای هەموو ئەو گەلانە بوە کە پێش هاتنی زەردەشت لە هیندەوە تا ڕۆژئاوای ئێران ژیاون. ئاویستاناسی ئێرانی ئیبراهیم پوورداود لە وتاریکدا بە ناوی بەغ ەوە دەنووسێ «وشەی یەکجار کۆنی بەغ لە سەردەمێکی زووەوە لە زمانی ئێمەدا ماوەتەوە. لە زمانە کۆنەکانی ئێران وەك ئاویستایی و فورسی کۆن دا بەغ لە سەر زاری خەڵك بوە و لە گاتاکاندا کە هەڵبەستی زەردە شتن و کۆنترین بەشی ئاوێستا پێك دێنن، بەگە بە واتای بەش و بەخت هاتوە. لە بەشەکانی تری ئاوێستاشدا بەغە هەر هەمان واتای هەیە. وشەکە لە چاوگی بەگ ەوە دێت کە لە زمانی پەهلە وی دا بۆتە بەختەن . کارلێکراو (إسم مفعول) ی وشەکە واتە بەخت لە ئاوێستادا هاتوە کە لە زمانی پەهلەوی و فارسی و [کوردیش] دا بۆتە بەخت .»

پووررداود لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ« بەغ لە زمانە کۆنە ئێرانییەکاندا وەك بهەگ لە سانسکریتدا، مانای بەش و بەخت دەدات و لە مانای دووهەمدا واتای خوداوەند یشی هەیە کە مەفهوومی بەخشەندە شی لێ وەردەگیرێ.»

لە بەردەنووسە هەخامەنشییەکان و(یەك لەوان، بەردەنووسی بێستون) دا بەگە بە واتای خوداوە ند هاتوە. هەر پووررداود لە شوێنێکی تری وەتارەکەیدا دەنووسێ« پێش پێغەمبەرایەتی زەردە شت، بە خوداوەند دەگوترا بەغ و پاشانیش کە ئەمان تاقەخوا یان ناونا ئاهورامزدا، وشەی بەغ لە واتای ئەسڵی و پێشووی خۆیدا مایەوە.» بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، پووررداود بەڵگە دە هێنێتەوە و دەڵێ« داریوش شای هەخامەنشی لە بەردەنووسەکەی بێستون (کێوی یەزدانی بە غستان) دا، کاتێ ڕووداوەکانی ساڵانی چوارەم و پێنجەمی شایەتیی خۆی دەگێرێتەوە، دەڵێ,, ئەهورامەزدا و بەغان ی تر لە بەر ئەوە یارمەتی منیان دا، چونکوو من قین لە دڵ و درۆزن و زاڵم نیم.,,» مامۆستا عەلائەددینی سەجادیش لە مێژوەکەی خۆیدا، کاتێ هاتووتە سەر باسی قە ومی کاسی، دەنووسی ”یەکێك لە سۆراخی هیندوئەورووپایی یەکان بە سەر کاسییەکان، وشەی بوگاش یان بوغاش کە بە مانای خوایە.“ لغت نامەی دهخدا قامووسی گەورەی زمانی فارسی کە وێ دەچێ سەرچاوەی زانیارییەکانی مامۆستا سەجادیش لەم بابەتەوە بووبێ، دەڵێ,, بهەگە لە سانسکریتدا بە واتای خودا بوە و لە کتێبی پیرۆزی ڤیدا دا ئەم واتایە چەندپات کراوەتەوە، واتە لە ناو هیندوئێرانییەکاندا پێش جیابوونەوەیان لە یەکتر، ئەم شتە باو بوە.,,

خاتوو ماری بۆیس پسپۆڕی ناوداری مێژووی زەردەشت و ئاوێستا، لە کتێتی مێژووی زەردە شتایەتی دا چۆتە قووڵایی باسەکەوە و بە دوور و درێژی لە واتای وشەی بەغە و بەگە دواوە و مانای خوداوەند ی بۆ وشەکان پەسەند کردوە. دوکتۆر فەرەهوشی دانەری قامووسی زمانی پەهلەوی-فارسی، چوار واتای خودا ، سەروەر ، شا و هێزی خودایی ی بۆ بەغ لێك داوەتەوە و بەك یشی بە خوداو و سەروەر مانا کردۆتەوە. نووسەری واژەنامە مینوی خرد دوکتۆر ئە حمەدی تەفەززولی بەغان ی بە خودایان زانیوە زانای بە ناوبانگی ئێرانی ملك إلشعرإبهار لە کتێبی سبك شناسی دا گوتویەتی,, ئەم وشەی بەغ ە، یەکەم جار لە نووسراوێکی سارگون ی شای ئاشوردا لە گەڵ پاشگری دات لە شێوەی بەغ دات دا هاتوە کە ناوی پیاوێکی ئێرانی بوە ,,.

سەبارەت بەو بەغ دات ە پووررداود دەڵێ,, بەگ داتی یە، کە ئەویش سەرۆکێکی ماننا کان بوە و سارگۆن گرتی و فەرمانی دا بە زیندوویی پێستی بگروون.,, پووررداود هەروەها دەڵێ,, وشە ی بەگ پێش ئەویش لە شێوەی بیت بەگی دا بینراوە کە واتای ماڵی بەغ، یان خانەی خودا ی هەیە و ناوی شارێکی ماد بوە کە سارگۆن لە هێرشکارییەکەی خۆی بۆ سەر خاکی ئوورارتو و ماننا دا یادی لێوە دەکات.,, من دەرەنگتر دەگەڕێمەوە سەر باسی بیت بەگی بەڵام با لێرەدا درێژە بە توێژینەوەی سەرچاوەکان بەدوای وشەی بەغ دا بدەین. ئەم وشەیە لە دراوی شاهانی

ساسانی- شدا بینراوە، بەڵام لێرەدا، واتایەکی هەندێ نزمتەر لە ئەهورامزدای پێ بەخشراوە. لەکۆتایی سەردەمی ساسانییەکاندا ئاڵ و گۆڕێك بە سەر مانای بەغ داهات و تەنیا واتای گەورە ی لێ ئیرادە کرا. تەنانەت لە کتێبی یادگاری زەریران دا تەنیا بە مانای سەر هاتوە.

دائره المعارف فارسی بەغ ی بە مانای خودا و خولقێنەر داناوە و نووسیویە,, لە بەردەنووسە هەخامەنشییەکاندا ئەهورامزدا بە ناوی بەغی گەورە وە ناوبردراوە.,, دانەری فرهنگ معین – دوکتۆر محەمەد موعین-،سێ واتای بۆ بەغ هێناوە: یەکەم خودا، دووهەم فریشتە، سێیەم بوت(صنم). ئەم واتای بوت ە لە چەندین قامووسی دیکەی زمانی فارسیشدا دووپات بۆتەوە وە ك فەرهەنگی ڕشیدی، برهان قاطع، الٔف اللغات. فەرهەنگی ڕشیدی لە مادەی بەغداد دا واتای عطیه الصنم ی بۆ هێناوە، بەڵام پووروداود بەرپەرچی بۆچوونی وادەداتەوە و دەڵێ: بەغ لای ئێرانییەکان صنم نییە و خوداوەندە.

مێژوونووس، زمانەوان و زانای ناسراوی ئازەربایجانی ئەحمەد کەسرەوی زنجیرە وتارێکی لە سەر ناوی شار و گوندەکانی ئێران نووسیوە و هەرچەند ئاوڕی لە کوردستان نەداوەتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی داویە بە دەستەوە دەتوانن یاریدەری باسەکەی ئێمە بن. لە دوو وتاری جیاواز دا کە لە سەر وشەی باکۆ پێتەختی ئازەربایجانی باکووری نووسیوە. کەسرەوی دەڵێ:

وشەگەلی باك و بەك و بەغ لە زمانەکۆنەکانی ئێران وەك هەخامەنیشی و پەهلەویدا جگە لە واتای خودا، مانای پەرستن یشی هەبوە. وشەی باکۆ –کەسرەوی دەنووسێ، لە بنەڕەتدا باگاوان یان باکاوان بوە و لە زەمانی ساسانییان و پێش ئەوانیشەوە، لە ئەرمەنستان و ئاران و ئازەربایجان و شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئاواییگەلێك بەو ناوە هەبوون و لە هەموویاندا ئاگرێك ڕۆشن بوە... کە وابوو، باگوان یان باگاوان بە واتای شاری خودا یان شوێنی خودا یە.

کەسرەوی دەڵێ: نەك هەر باکۆ، بەڵکو بەغدا،و بەعقووبە ش شاری خودا بوون و ئەوەی ئە رمەنیەکان پاش قەبووڵکردنی ئایینی مەسیح بەك یان بە بت مانا کردۆتەوە، یان ا لٔمعی خۆی لەوە پاراستوە کە ناوی بەغداد بنووسێ و لە باتی ئەو، نازناوی دارالسلام ی هێناوەتەوە، نیشان نەدات کە ئەم شارانە، شوێنی ئایینێکی کۆن بوون و پەیوەندییان بە ناوی بەك و بەغ وە هەبوە. کەسرەوی لە باسی بەعقووبە دا دەڵێ: ناوێکی سەیرە، نە فارسییە و نە عارەبی. ڕەنگە لە بنەڕەتدا باکوا بوویێت کە واو ەکەی بوە بە ب و ئەلف ە کەی دوایی کەوتوە و پاشان عەرە ب کردوویانە بە بەعقووبە.

من پێش ئەوەی کۆتایی بە باسی وشەی بەك و بەغ بێنم و بچمە سەر باسی ئەسڵی، کەڵك لە هە ندێ سەرچاوە وەردەگرم و کۆمەڵێك ناوی کەس و شار و شوێن کە پەیوەندییەکیان بە وشەی بەغ وە بێت، دەهێنمەوە تا یاری دەدە ری خوێنەر بن بۆ بڕیاری واترمان لە سەر ئەم باسە:

١ – بەغکەدە = ماڵی خوا.

٢ – بەغشوور = ناوی شارێك لە خۆراسانی ئێران.

٣ – بەگ بوخش = ناوی یەکێك لە یارانی داریوش- ی شای هەخامەنیشی.

٤ – بەگ پەنات(خواپەنا) = ئامۆزای داریوش.

٥ – بەغەلان = ناوی شارێك لە خۆراسان.

ئەم پاشگری لان ە بە واتای جێگا و شوێن لە کۆتایی ی زۆر وشەی کوردیدا دەبینرێ، وەك بە ردەلان، خیزەلان، و واهەیە ئەردەلان یش.

٦ – بەغستان = بەهیستان، بیهستوون و بێستوون: ئەم کێوە و ناوچەکانی دەوروبەری دراونە تە پاڵ بەغ.

٧ – بەغداد = بەغ دات = خوداداد، خودابەخش.

٨ – بەغدوخت = کچی بەغ، ناوێك بۆ کچان کە لە شێوەی بیهدوخت یشدا دەبینرێت.

٩ – بەغپوور = فەغفوور : نازناوی شاهانی چین لە زمانی فارسی و کوردی دا.

وشەی بەغ پێ بە پێی ئارِیایی یەکان ڕۆیشتوە و سەری لە زۆر شوێنی دوورتر دەرهێناوە:

١ – بوگو-بەغو = خودا لە زمانی سلاڤەکاندا.

٢ – باگاریچ = شوێنی بوت، بوتخانە لە زمانی ئەرمەنییەکاندا.

٣ – فەغ = خودا لە زمانی سۆغدییەکاندا.

٤ – بوغ = خودا لە زمانی ڕووسیدا.

هەروەها وشەی بەغ لە زۆر ناو و نازناوی تورکیشدا ڕەنگی داوەتەوە و تەرکیبی وایان پێك هێناوە کە ڕواڵەتیان تورکییە، بەڵام لە ئەسڵدا هیندۆئەورووپین:

١ – بایرام = جەژن

٢ – بەگ = ئاغا و سەروەر

٣ – بەگلەربەگ = سەرۆکی بەگەکان(پاشگری تورکی لەر ی لێ زیاد کراوە).

٤ – بای = ناوی کۆنی شاهانی وڵاتی تونس و هەروەها نازناوێکە بۆ گەورەپیاوانی ئاسیای ناوەندی.

٥ – بەکتاش(بەك + تاش) = گەورەی عێڵ، سەرۆکی تاقمێك، نۆکەری شا.(فەرهنگ فارسی معین).

٦ – بەگم، یان بەیگوم = نازناوی ژنان.

٧ – ئاتابەگ، ئۆزبەگ، دەریابەگی و ...

ئەوەی تا ئێستا گوترا، ڕوانینێك بوو بەسەر لایەنی زمانەوانیی وشەی بۆکان دا.

ئەم ڕوانینە، یەك لایەنی و ناتەواوە ئەگەر نەخرێتەچوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە و ڕووداوەکانی مەڵبەندی بۆکان لە پەیوەندی باسەکەدا شی نەکرێتەوە.

کۆنترین دەوڵەت ی ناسراوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(بۆکانیش وەك بەشێك لە ناوچە کە)،دەوڵەتی ماننا یە. پێش ئەوان، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەم بە دواوە چەند شار-دەوڵەت و دەوڵەتی ناوچەیی لە بەشی ڕۆژئاوای خاکی ئێران پێك هاتبوو. بەڵام دەوڵەتی ماننا یەکەم دەوڵەتی یەکگرتووی ناوچەکە بوو کە مەڵبەندێکی بەرینی گرتبوە خۆی و خاوەنی توانایەکی ئابووری و دەسەڵاتێکی سوپایی ی ئەوتۆ بوو کە دەیتوانی سەر لە حاندی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەودەم(ئاشور، ئوراتو و ...) بەرز بکاتەوە. ئەم یەکگرتنە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگاو بە ئەنجامی خۆپاراستن لە مەترسیی دراوسێ بە هێزەکان پێکهات و مێژوەکەی دەگە ڕێتەوە بۆ کۆتایی ی هەزارەی دووهم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین، واتا ئەو سە ردەمە گرنگەی کە ئارییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەهاتن و شەپۆلی یە کەمیان لە سنووری خاکی ماننا درابو. ماناکان بەشێك بوون لە یەکێەتی هۆزەکانی لۆلۆی و گۆتی کە ئەوانیش لە مەنزوومەی زاگرۆس جیا دەبنەوە و خاکەکەیان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی باشووری گۆلی ورمێ هەتا ڕۆژئاوای باشووری زەریاچەی کاسپیەن(خەزەر) بەتایبەت نێوان مەراغە تا سەقز و بۆکانی گرتبوە بەر.

"بریتانیکا" ئەنسیکلۆپیدای زمانی ئینگکیزی دەنووسێ:

ماناکان لە لایەن سێ هێزی گەورەی سەردەمی خۆیانەوە گەمارۆ درابوون، ئاشوور لە ڕۆژئاوا، ئۆرارتو لە باکوور و ماد لە باشوور{سەکاکانیش لە باشوور و ڕۆژئاواوە ئەنوەر س.} ئەم قەومە پاش هێرشی سەکایی یەکان و پەیدابوونی ماد لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین، ناسنامەی قەومیی خۆیان لە دەست دا و چوونە ژێر دەستەڵاتی مادەکانەوە.

دوژمنی گەورەی مانناکان دەوڵەتی ئاشوور بوو. ئاشوورییەکان تەنیا لە نێوان ساڵانی٧٧٤ تا٨١٠ی پێش زایین دا، بەڵای کەمەوە چوارده جار هێرشیان برده سەر خاکیماننا، هەزاران کەسیان بە کۆیله لێ گرتن و سەدان پیشەساز و هونەرمەندیان لێ ڕاگواستن بۆ شاری نەینەوا. ئورارتویی کانیش لە ئاشوور باشتر نەبوون، تەنیا ڕوسا ی یەکەم– شای ئورارتو،٢٢ قەڵا واتە ٢٢ شار و شارۆچکەی مانناى داگیر کرد.

بەڵام هێرشی گەورە بۆ سەر خاکی ماننا لە لایەن سارگۆنی دووەمی شای ئاشوورەوە بوو (٧١٠-٧١٦ پ. ز.). سارگۆن بە ڕەواندز و حاجی ئۆمەراندا بەرەو پیرانشار و سولدوز داگە ڕا و پاش ماوەیەك ڕۆیشتن بەرەو زەریاچەی ورمێ، گەڕایەوە و ئەمجا لەشکرەکەی بە ئیندرقاش و قومقەڵای سابڵاغدا بەرەو میاندواو برد و بە دۆڵی چۆمی تەتەهوو دا ڕووی کرده بۆکان و لەوێوە گەیشتە شیز واتە ئاورگەی ئازەرگوشەسپ و پاشان چوە ساین قەڵا کە ئەو دە مە، ناوی ئەوکان Aukan بوو.

لە هەموو ئەو شوێنانەش، وەك سێڵاو هەمووشتێکی لە ناوبرد و داری بە سەر بەردەوە نە هێشت. بەڵام دەوڵەتی ماننا بە سەر ئەوهەموو دڕندەیی دا، هەر مایەوە و لە گرێژەنە نەچوو، تا ماوەیەك دواتر کە مادەکان دەستیان بە سەر خاکەکەیاندا گرت و دەسەڵاتیان بڕینەوە.

بە پێی ئەم بەڵگانە، بۆکان یەکێك بوە لە شار-دەوڵەتەکانی ماننا و بەشێك بوە لە یەکێتیی هۆزە مانناییەکان کە کەوتە بەر هێرشکاریی ئاشوور و ئورارتو و پاشان بە دەست مادەکان داگیر کرا (پێتەختی مانناکان بە مەزندە دەبێ نزیك گوندی سەراو یان ڕەحیم خان بێت ). لە سەردە می حکوومەتی مادەکانیشدا بۆکان بەشێك بوو لە ئیمپراتۆرییەتەکەیان و کەوتبووە ناو جەرگی مادی بچووك ەوە. قەڵای گوندی ئاغجەیوان لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە،هەروەها شوێنەوارە بە ردینەکانی سماقان و قەڵایچی و بی بی کەند لە دەوروبەری شار و قەبری فەرەوەرتیش ی شای ماد(٦٠٠-٦٣٣ پ.ز. ) لە فەقرەقای مەهاباد کە تەنها ٥٠ کیلۆمەتر کەوتۆتە ڕۆژئاوای بۆکانەوە، بەڵگەی ئەو ناوجەرگایەتییەی بۆکانن لە سەر دەمی دەسەڵاتداریی مادەکاندا.

بەم پێیە، مێژووی ناسراوی شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد و پێشتر. واتە ئەو سەردەمەی کە هێشتا ئایینی تازەی زەردەشت لە ناوچەکەدا بڵاو نە بووبوەوە.

بەپێ ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن، زەردەشت لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، واتە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمدا ئایینی خۆی بڵاو کردۆتەوە.

لێرەدا نیاز چوونە ناو باسی پەیوەندییەکانی زمانی کوردی و شێوە ئاخافتنی مادەکان نییە. ئە رکی ئەم وتارە، توێژینەوەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە-ئایینییەکانی دانیشتوانی ناوچەی بۆکان لە مێژووی پێش پەیدابوونی ئایینی زەردەشت و خودای ئەهورامەزدا-واتە ئەو سەردەمەی کە خودای گەورەی دانیشتوانی ناوچەکە، خودای بەغ بوە. ئەوەی ئاشکرا بێ ئەوەیە کە میهرپە رستی ئایینی زاڵی ئەو سەردەمە بوە و دانیشتوانی شارەکان، ڕووگە و ئاورگەیان بۆ خودای میترا دروست کردوە، واتە ڕێزگرتن لە ئاگر، نەریتێك بوە کە لە ئایینی میترایی یەوە بۆ زەردە شتییەکان ماوەتەوە.

خوای ئاناهیتا ش لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا خاوەنی ئاورگەی تایبەتی خۆی بوە و هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن کە ئاگرپەرستی، بە خودای ئاناهیتا وە بەستراوە. بە داخەوە ئاسەوارە کۆنەکانی شاری بۆکان و ناوچەی دەوروبەری نەکەوتوونەتە بەر توێژینەوەیەکی زانستییانە و ئەوەی ئێستا دەزانرێ تەنیا بەشێکە لەو ڕاستییە شاردراوەیەی کە دەبێ دیرۆکناس و مێژوونووسان لە داهاتوودا بیخەنە ڕوو. ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین ئەوەیە کە لە بۆکان و گوندە کانی دەوروبەری زیادە لە ٣٠ گردی مێژوویی هەن کە بە ناوی شوێنەواری مێژوویی یەوە ناسراون و لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە هەر بەم ناوە سەبت کراون. زۆربەی ئەم شوێنانەش مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جێی باسی ئێمە. وەك پێشتر گوتمان بۆکان بەشێك بوە لە خاکی مانناکان و دوور نییە هەندێك لەو ٢٢ قەڵایەی وا ئورارتویی یەکان لێیان زەوت

کردبوون هەر ئەو تەپۆڵکە مێژوویی یانە بن کە یەکیان لە ناوەڕاستی شاری بۆکانە و پاشماوە شیان لە گوندەکانی دەوروبەرین. گردی کولتەپە ئیستا کەوتۆتە ناو شاری بۆکانەوە،گردی ناچیت و حەمامیان و شێخلەر تەنیا چەند کیلۆمەترێك لە شارەوە دوورن. ئەمانەو زۆر تەپۆڵکی تر لە باخچە و تیکان- تەپە و ئاڵبلاغ و ساریقامیش و ئەحمەدئاوا و ... مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین، واتە پێش پەیدابوونی ئایینی زەردەشت یان سەر و حە دی بڵاوبوونەوەی. هەندێ گردی تری وەك تەپەی گوندی کانی کووزەڵە و سەراو و ڕەحیم خان و مەڵلالەر و تەپێ و عەزیزکەند و ... کە مێژوویەکی کۆنتریشیان هەیە، دوور نییە لەو سەردەمەدا هەر ئاوەدان بووبن. لە بیرمان نەچێ کە زۆرێك لەم گردە مێژوویی یانە ئەگەر بە شێوەی زانستییانە لێیان بکۆڵرێتەوە، شوێنەواری سێ یان چوار شارستانییەتی جیاوازی یەك لە بان یەکی تێدا دەبینرێ کە ئەمە خۆی نیشانەی بەردەوامبوونی ژیان و شارستانییەت بوە لە ناوچەکەدا. بۆکان خۆی و قەڵای ناوەڕاستی شارەکە شتێکی زۆریان لێ نازانرێ، بەڵام ئە وانیش بەشێکن لەو زنجیرە تەپۆڵکە مێژوویی یانەی کە شارستانییەتیان دەگەڕێتەوە هەر بۆ ئەو سەردەمانە، واتا بۆ مێژووی ماننا و ماد. ئێستا ئەگەر ئەو ڕاستییە بخەینە پاڵ دەسکەوتەکانمان، لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا و لە کەسرەوی ببیستین کە دەڵێ: لە زۆر شوێنی ئێران ئاوایێگە لێك بە ناوی خودای بەغ ەوە هەبوون کە لە هەموویاندا ئاگرێکی ڕۆشن هەبوە. ئەمجا دەتوانین بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە شاری بۆکان لەسەردەمی پێش زەردەشتدا شوێنێکی ئاوەدانی ئایینی بوە و ناوی لە ناوی خوای بەغ یان بەگ ەوە وەرگرتوە. بەم پێیە ناوی شاری بۆکان لە سەرە تادا دەبێ بەکان یان بەگان بووبێت کە لە دوو بەش پێك هاتوە: بەك یان بەگ + ان. بەشی یەکە م ناوی خودایە و بەشی دووهەم پاشگرێکە واتای شوێن و جێگە دەداتەوە. هەرچەندە دەکرێ پاشگرێ ان نیشانەی کۆ بێت، بەڵام ئەمە شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

کە وابوو، بۆکان بە واتای شاری خوای بەگە یان شوێنی خوای بەگە یە و ئەمەش دەبێ بە هۆی ئاوڕگە یان ڕووگەیەکی گەورەوە بووبێت کە خەڵکی شارەکە بۆ بەغ یان درووست کردوە و زۆر واهەیە شوێنی ئاورگەکە لە سەر گردی ناوەڕاستی شار بووبێت کە حەوزەگە ورەش لە داوێنێتی. بە داخەوە لە کۆتایی ی سەدەی نۆزدە، واتە سەد ساڵێك لەمەوپێش سیف الدین خان ی سەردار موکری لە سەر گردەکە قەڵایەکی گەورە و گرانی دانا کە زۆر شوێنە واری مێژوویی ی گرینگی پێ لە ناو چوو و ئێستاش زۆر قسەوباسی ئەو شوێنەوارە دۆزراوانە لە سەر زاری خەڵکی بە ساڵاچووی شارەکە هەر ماوە، هەرچەندە قەڵاکە خۆی ڕووخاوە و لە ناو چوە. لەم چەند ساڵەی دواییشدا پاسدارانی رژێمی مەلاکان بنکەیەکی چاوە دێری سوپایی یان لە شوێنی قەڵاکەی سەردار دروست کرد کە ئەمەش ئەوەندەی تر پەکی شوێنەکەی خست و هیوای توێژینەوەکانی دواڕۆژی لە ناو برد. سەرەڕای ئەوانە هەر ئەو زانیارییە کەمەی کە ئێستا لەبارەی مێژووی بۆکانەوە بە دەستمانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ڕابردووی ژیان شارستانیەت لە بۆکان زۆر کۆنترە لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانی. تەنیا چە ند مەترێك لە داوێنی باشووری قەڵاو لە سەر گۆلی مەردانبەگ، ژوورێکی دەستکردی بەرین دۆزراوەتەوە کە بە شێوەی بیناکەیدا شوێنێکی مادییە. ئەم ژوورە ئێستا کەوتۆتە ناو ماڵی یەکێ لە بنەماڵەناوبەدەرەوەکانی بۆکان و لە سەردەمی منداڵیی مندا دۆزرایەوە، بەڵام تا ئێستا لە هیچ کوێ باسی لێوە نەکراوە و نەناسراوە. گردی ئاوایی قەڵایچی و ئەشکەوت یان بینای بەردینی ئاغجەیوان و بی بی کەند و فەرهادتاش ی گوندی سماقان و زۆر شوێنی دیکەی ناوچەکە لە باری بینا دروست کردنەوە شوێنەواری مادین.

ئەم بەڵگانە بە سەر یەکەوە پەیوەندی شاری بۆکان و ناوچەی دەوروبەری لەگەڵ سەردەمێك دەگەیەنن کە خودای ئەهورامزدا هێشتا جێی خودای بەغ ی نەگرتبوەوە و ئەگەر ئایینی زەردە شتیش بڵاو بووبوەوە، ڕێز و ئیحترامی خودای بەگە لە جێی خۆی هەر مابوو و نیازێك بە گۆڕێنی ناوی شاری بۆکان کە لە پەیوەندی خودای بەگە دا دانرابوو، نەدەبینرا. لە بەر ئەو ئاڵ و گۆڕەش وا بە سەر وشەکە داهاتوە(لە بەکان ەوە بۆتە بۆکان)،دەبێ بگوترێ گۆڕانی پیتێکی بزوێن شتێکی ئاسایی یە و وشەی کۆن ئاڵ و گۆڕی زۆر لەوە زیاتری بە سەر دادێت بەتایبەت لە مێژوویەکی دوور و درێژی چەندهەزارساڵەدا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە نوکتەیەك بکرێ:

ئازەربایجانییەکانی ناوچەی موکریان و تەوریز،ئێستاش ناوی بۆکان بە شێوەی بەکان دەبەن و ئەمە ڕنگە ڕیشەی لە مێژوویەکی کۆندا بێت. ئەگەر ناوەکە لە زمانی کوردیدا، بە پێی باردۆخی تایبەتی زمانەوانی گۆڕابێت، لە زمانی ئازەربایجانی و دوور نییە لە زمانی ئازەریی کۆن یشدا هەر لە شێوەی کۆنی خۆیدا مابێتەوە. بەداخەوە ئەمڕۆ زانیارییەکی ئەوتۆ لە سەر زمانی ئازەریی کۆن کە جیاواز بوە لە ئازەربایجانی و تورکی، بە دەستەوەنییە تا یارمەتیی باسەکەی ئێمە بدات. بۆ چەسپاندنی زیاتری بۆچوونەکەمان لە مەڕ بنەچەکی ناوی بۆکان پێویستە ئاوڕێك لە ناوچەکە و گوندەکانی دەوروبەری بدەینەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و نزیك بە تیکانتەپەی هەوشار (= تیکاب)، ئاورگەیەکی بەناوبانگی مێژوویی لێ بووە، کە ئاسەواری ئێستاش هەر ماوە. ئاورگەی ئازەرگوشەسب یان ئازەرگوش نەسەب یان ئاورگەی شاهی کە زیاتر هەر بە ناوە گشتییەکەی ئاورگە واتا شیز ناسراوە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا(٢٢٤-٦٥٢ز) یەکێك بوە لە گرنگترین ئاورگەکانی ئێران و شاهانی ساسانی بە پێیان لە تیسفوونەوە هاتوونەتە زیارەتی. ئەم ئاورگەیە لە نزیك شارێکی مێژوویی دروست کراوە کەئێمە بە ناوی گەنجەك یان گەنزەك ەوە دەیناسین. خوسرەوی پەرویز شای ساسانی کاتێ لە ساڵی ٦٢٣ی زاینی کە لە لایەن هیراکلیۆس ی ئیمپراتۆری ڕۆم ەوە هاوکاری دەکرا، لە بەر بەهرامی چۆبینە هەڵات و پەنای هێنایە شیز لەوێ چاوەڕوانی هاتنی شاهین و شاربەراز ی سەردارانی سوپاکەی خۆی کرد.

ئاوەدانی ئاورگەکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا دژ بەوە ناوەستێ کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر. نووسەری کتێبی مێژووی ژیانی ئابووری گوندنشین و چینەکۆمەڵایەتییە کانی ئێران دەڵێ: لە سەردەمی کۆنتردا سێ خودایی ئەهورامزدا و میهر و ئاناهیتا ئایینی خە ڵك بوە و ئاگرپەرستی بەتایبەت پەیوەندیی بە خودای ئاناهیتاوە بوە. بەم پێیە ئێمە دەبێ لەژێر خۆڵەمێشی ئاورگەکاندا کە تا ئێستا هەر بە ناوی زەردەشتییەکانەوە ناسراون، شوێنی شارستانییەتی کۆنتر هەڵبگرین. ئەویش لە ناوچەیەکی کۆنی وەك بۆکاندا کە دەیان شوێنەواری سەردەمی ماد و ماننای لێ شاردراوەتەوە. بۆنموونە با سەیرێکی گوندی بۆگەبەسی بکەین کە دە کیلۆمەترێك کەوتۆتە باشووری شاری بۆکانەوە.

ئیبراهیم پووررداود دەڵێ: وشەی بەگ یەکەم جار لە شێوەی بەیت بەگی یان بەیت- بەگەیا دا بینراوە کە ناوی شارێکی ماد بووە و سارگۆنی ئاشووری لە لەشکرکێشانەکەیدا بۆ سەر خاکی ئورارتو و ماننا یادی لێوە دەکات.(٧١٥-٧١٦پ.ز.) بەشی یەکەمی ئەم ناوە بە ڕاشکاوی وشە یەکی ئاشوورییە و لە گەڵ بەگی یان بەگەیا، پێکەوە واتای ماڵی خودا دەدەن. ئەوەی کە سارگۆن شارەکەی بە شوێنی ماد ناوبردوە و مادەکانیش لە باشووری خاکی ماننا نیشتەجێ بوون و بۆکان بەشێك بوە لە خاکی ماننا، دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە قەڵا و گوندی بۆگەبە سی لە باشووری بۆکان، هەمان بەیت بەگی بێ و تەپۆڵکە مێژوویی یەکەی ناوەڕاستی گوندیش کە ئێستا شوێنی ماڵی ئاغای گوندەکەیە، ڕاستیی بۆچۆنەکەمان زیاتر دەچەسپێنێ. گوندی بی بی کەند لە ڕۆژهەڵاتی بۆکاندا جیا لە ئەشکەوتە دەستکردەکەی کە مێژووی دەگە ڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد، هەر ناوەکەیشی شوێنەوارێکی مێژوویی یە. ناوی گوندەکە هەرچە ندە لە ڕواڵەتی ئێستایدا لە وشەیەکی تورکی دەچێ، بەڵام بە ئاشکرا شوێنی ناوی بەك ی پێوە دەبینرێ و لام وایە لە رابوردووی کۆندا دەبێ بەی کەند یان بەی کەن بووبێت کە دوای سە لجووقییەکان و مەغۆلییەکان ئەم ئاڵ و گۆڕەی تێدا وەدی هاتبێت. ناوی کۆنی شاری ساین قەڵا ش لە ڕۆژهەڵاتی باکووری بۆکاندا جێی سەرنجە. ناوی ئەم شارە لە سەردەمەی مانناکان و هێرشی سارگۆنی دووهەمدا ئەوکان بوە و هەر بەم شێوەیەش لە تەقویمی ئاشوورییەکاندا هاتوە. هەرچەندە دۆزینەوەی پەیوەندی ئەم ناوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام گەرای بیرکردنەوە یەك دەخاتە مێشکەوە و سەرنج بەرەو وشەی وەك یان بەك ڕادەکێشێ کە دەبێ دوور نەبێ لەو باسەی ئێمە لە مەڕ بۆکان. بۆئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە مێژوویی یە لە سەر ناوە کۆنەکانی ناوچەی بۆکان زیاتر بچەسپێنین، با سەیری ناوی گوندێکی دێکە بکەین.

قوڕەبەراز گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و سەر ڕێگای ئاورگەی ئازەرگوش نەسەب کە ئێستا بە تەختی سولەیمان دەناسرێ. ڕەواڵەتی ئێستای ناوەکە، شتێکی ئەوتۆمان نادا بەدەستەوە، مەگەر بیخەینە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە. خوسرەوپەرویز ی شای ساسانی وەك گوتمان ڕوو لە دۆست و پشت لە دوژمن، لە بەر بەهرامی چۆبینە هەڵات و هات لە گەنجەك دانیشت تا شاهین و شاربەراز ی سەردار لەشکر بێنە هانای و لە ژێر پلاری نەیار ڕزگاری بکەن. ئایا پەیوەندیدانی ناوی قوڕەبەراز لە گەڵ ناوی شاربەراز دا شتێکی دوور لە مەنتیقە؟ بە تایبەت کە ئەو دوو سەردارە دەبوایە لە سنووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە بەرەو گەنجەك هاتبایەن و بە سەر گوندی قوڕەبەراز دا تێپەڕیان بکردایە.

بە هیوای ئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە، هەنگاوێك بێ بەرەو ڕووناکی و سەرەتای کارێکی جیددی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ناوچەکە دامەزرێنێ. داهاتوو دەبێ زۆر شتی تاریکی ئەمڕۆ ڕوون بکاتەوە.

ئەم وتارە سەرەتا لە ژمارەی ١٩ی گۆڤاری ماموستای کورد چاپی سوێد، ساڵی ١٩٩٢دا بڵاو بۆتەوە.